# ئایدیالیزم

له عەرەبییەوە: رامان مەحمود

ڕێبازە فۆرمیستیەکان تەنها ئیشیان لەسەر ڕواڵەتی دەرەکی بنەما یاساییەکان کردووە و بە پێچەوانەشەوە ڕێبازە بابەتگەرییەکان لەو سنوورەدا نەوەستان و دەڕواننە گەوهەر و ناوەڕۆکی یاسا و ناسینی سروشتی و چۆنێتی سەرهەلدان و گەشەسەندنی و هەموو ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتییانەیش دەخەنە روو کە کاریگەرییان لەسەر بنەما یاساییەکان دەبێت.

بەڵام لایەنگرانی ڕێبازە بابەتگەرییەکان هەرچەندە یەکران لە بایەخدان بە گەوهەری بنەما یاساییەکاں، بەڵام لە بارەی ناوەڕۆکەوە جیاوازن و ئەمەش بووە هۆکاری هاتنەئارای دوو قوتابخانە: قوتابخانەی ئایدیالیزم کە پێیوایە گەوهەری یاسا ئەو ئایدیا باڵایانەی دادپـەروەریـن کە مرۆڤ لەڕێی عەقڵەوە بەرهەمیان دێنێت، قوتابخانەیەکی واقیعییش کە پێیوایە واقیع گەوهەری بەلگەنەویستی یاسایە و دیمەنەکان دەیسەلمێنن و ئەزمونیش پشتگیریی دەکات. تەوژمی ئایدیالیزم لەلایەن خۆیەوە دەکەوێتە چوارچێوەی ڕێبازی یاسای سروشتی و ڕێبازی یاسای سروشتی ناوەڕۆک گـۆڕاوەوە، بەجۆرێک کە یاسای سروشتی دەکەوێتە ژێر تەوژمی ئایدیالیزمەوە و دوای هەوڵی زیندووکردنەوە و پەرەپێدانیشی،



ڕێبازی یاسای سروشتیی ناوەڕۆک گۆڕاو و کۆری فەقیهان بەرهەم دێت. کەواتە ڕێبازی یاسای سروشتی چییە و دیارترین وەرچەرخانەکانی پەرەسەندنی کامەن؟

* تێڕوانینی یەکەم: ڕێبازی یاسای سروشتی

مرۆڤ لە دێر زەمانەوە زانیویەتی یاسایەک هەیە لە یاسا دانراوەکان باڵاترە و ئەم هزروبیرەش گوزارشتە لە خواستی مرۆڤ بەرەو کەماڵ و لە دەستکردی مرۆڤ خۆی نیە، بەڵکو ڕێسا و بنەمای ئەبەدین کە خودا لە گەردووندا دایناون تا مرۆڤ لە ڕێی بەکارخستنی عەقڵەوە بنەمای خۆیان لێ دەربهێنێت، ئەم یاسایەش بە یاسای سروشتی ناوبراوە و ئەمەش وایکرد بیرمەندان بایەخ بەم یاسایە بدەن و بیکەنە پێوەری ئاستی دادپەروەری و کەماڵی یاسا دانراوەکان.

* ئامانجی یەکەم: پلەبەندیی هزریی یاسای سروشتی:

بیرۆکەی یاسای سروشتی بەپێی تێپەڕبوونی کات پەرەسەندنی بەردەوامی بە خۆوە بینیوە، ئەم پەرەسەندنە تەنها چەمکە تەقلیدیەکەی نەگرتۆتەوە بەڵکو لە پێناوی هەندێ ئامانجی دیاریکراودا ناوەڕۆک و هەموو بابەتەکانیشی گرتۆتەوە. بۆیە هەولدەدەین ئەم پەرەسەندنەی یاسای سروشتی لە چوار هەلوێستەی مێژوویی دیاریکراودا روون بکەینەوە:

* بەشی یەکەم: یاسای سروشتی لای یۆنان:

فەیلەسوفە گریکەکان تێبینیی ئەو سیستمە چەسپاوەیان کردووە، کە گەردوونی پێ بەڕێوەدەچێت و بروایان بەبوونی یاسایەکی باڵاتر کردووە، کە بنچینە و بنەمای نەمری تێدایە و لە دەستکردی مرۆڤ نیە و بۆ هەموو کات و شوێنێک چەسپاوە.. ئەو بنەمایانە حوکمی دیـاردە سروشتیەکان و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانیش دەکات. بەو پێیەش، ئەو فەیلەسوفانە فەرمانبەرداریکردنی بنەماکانی یاسا سروشتیەکان و ئازادبوونیان لە ویستی دەولەت بە ئەرک داناوە، چونکە پێیانوابووە یاسای سروشتی لەو ویستەی دەولـەت باڵاترە. بـەڵام سۆکرات فەرمانبەرداریکردنی یاسا دانراوەکانی بە ئەرک زانیوە چەندە ستەمکارانەش بێت، ئەمەش لە مەترسیی ئەوەی نەبادا خەڵکی بە پاساوی نەگونجانی یاساکان لەگەڵ یاسای سروشتیدا، لە یاسا دانراوەکان یاخی ببن.

* بەشی دووەم: یاسای سروشتی لای رۆمان:

رۆمانەکان وەک بیرۆکەیەکی یاسایی بە یاسای سروشتی کاریگەربوون دوای ئەوەی لای یۆنان بیرۆکەیەکی فەلسەفی بوو. یاسای سروشتی لای رۆمـان بەسەر هەموو گەلاندا پراکتیزەدەبێت، چونکە لە یاسا دانراوەکان باڵاتر و پێشتریش هەبووە. دەبینین"شیشرۆن" بروای بە بوونی دادپەروەریەکی باڵاتر هەیە لە سیستم و یاسا دانراوەکانی کردەی مرۆڤ، هەروەها بروای بە بوونی یاسایەکی نەمری چەسپاو هەبووە، کە تەنها مرۆڤ ناگرێتەوە بەڵکو سروشت بە کۆی زیندەوەرانی

بەخشیوە لە زەوی و ئاسمان و نێو زەریا و دەریاکانیشدا. 5 فوقەها رۆمانەکان جیاوازییان کردووە لە نێوان یاسای سروشتی لە لایەک و یاسای مەدەنیی و یاسای گەلانیش لە لایەکی ترەوە، بەڵام یاسای سروشتیان بە ئایدیا باڵاکان داناوە کە گەلان بنەمای یاسایی لێوەردەگرن.

* بەشی سێهەم: یاسای سروشتی لای پیاوانی کڵێسای سەدە ناوەڕاستەکان:

بیرۆکەی یاسای سروشتی لە سەدە ناوەڕاستەکاندا بریتیبوو لەو یاسایا خوداییانەی لەسەروو هەموو یاسایەکی دانـراوەوە بوون، واتە لە سایەی کڵێسا و پیاوانی ئاینییەوە مۆرکی ئاینییان پێدرابوو. قەدیس"تۆماسی ئەکوینی" جیاوازیی لەنێوان سێ جۆر یاسادا دەکرد کە یەک لەسەر ئەوی تر بوون و یاسای خودایی لەسەروو هەموویانەوە و دواتر یاسای سروشتی و سێهەمیش یاسای دانراو. یاسای یەکەم" یاسای خودایی" نوێنەری ویستی خودایە و لەرێی سرووش"وەحی"یەوە دەگاتە خەلکی، یاسای سروشتیش هەموو ئەو ڕێسا و بنەمایانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ بە عەقل دەرکیان پێدەکات و دەیاندۆزێتەوە، یاسای دانراویش لە پلەی سێهەمدایە، چونکە دانـراوی مرۆڤە. تۆماس ئەکوینی پێیوایە یاسای دانراو یاسایەکی دادپەروەرانە نابێت ئەگەر پێچەوانەو دژی بنەماکانی یاسای سروشتی بێت، لەگەل ئەوەشدا دەبێ لە پێناوی سەرخستنی بەرژەوەندیی گشتیدا فەرمانبەرداریی بکرێت، بەڵام ئەگەر یاسای دانراو پێچەوانەی یاسای خودایی بێت نابێ فەرمانبەرداریی بکرێت. چونکە نابێت بە یاخیبوون لە یاسای خودایی یاسای دانراو جێبەجێ بکرێت.( لە فیقهی ئیسلامییشدا ڕێسایەکی هاوشێوە هەیە کە دەڵێت بە یاخیبوون لە فەرمانی خالیق نابێ فەرمانبەرداری هیچ مەخلوقێک بکرێت،/ وەرگێر بۆ کوردی). ئەوەی لێرەدا تێبینیی دەکرێت ئەوەیە کە ژێربارخستنی دەسەڵاتی مەدەنیی بۆ دەسەڵاتی ئاینی بە مەبەستی بەهێزکردن و پشتگیریی دەسەڵاتی کڵێسا بووە.

* بەشی چوارەم: یاسای سروشتی لە سەدەی نوێدا:

أ/ گەرانەوەی بیرۆکەی یاسای سروشتی لە هەردوو سەدەی 17،18 دوای دیارنەمانی لە سەدەی 16 دا:

دوای کۆتایی هاتنی سـەدە ناوەڕاستەکان و نەمانی دەرەبەگایەتی" فیودالیزم" و پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ، بنەمای سەروەری دەولەت هاتەئارا کە سەروەریی کڵێسای نەهێشت. ژمارەیەک لە نووسەر و فەیلەسوفان لە سەدەی 16 دا بانگەشەیان بۆ ئەو بنەمایە کردو پشتگیری بوون، لەوانەیش "ماکیاڤێلی" لە ئیتالیا و "بودان" لە فەرەنسا. ماکیاڤێلی لە کتێبی"میر"دا هەموو ئامرازێکی بەهێزکردنی دەسەڵاتی داوە بە حاکم"دەسەڵاتدار" لە بنەمای( ئامانج پاساوی ئامراز دەدات). "بودان"یش داوای سەروەریی رەهای کردووە و لەو پێناوەشدا رێگەی داوە ئەو یاسایانە دەسەڵاتدار نەگرێتەوە کە بەسەر رەعیەتیدا دەسەپێنێت، چونکە لای ئەو دەسەڵاتدار لەسەروو یاسایشەوەیە.

بۆیە لە زیادەرەویکردن لە وێناکردنی بیرۆکەی سەروەریی دەولەتەوە لە سەدەی 16 دا، بیرۆکەی یاسای سروشتی شوێنبزر بوو، دەسەڵاتی دەولەت بەسەر ماف و ئازادیەکان لەناوخۆدا زاڵبوو، لە دەرەوەشـدا هێز بووە بنەمای رێکخستنی پەیوەندییەکانی دەولەت بە دەولەتانی ترەوە، ئەمەیش بووە هۆی جارێکی تر پێویستبوون بە بیرۆکەی یاسای سروشتی و ئەم یاسایە لە هەردوو سەدەی 17 و 18 دا بەهۆی ئازادبوونی دەولەتانی ئەورووپا لە هەژموونی کڵێسا برەوی سەندەوە. فوقەهای ئەو سەردەمە داوای دانانی یاساگەلێکیان کرد ماف و ئازادیی تاکەکان لە ستەمی دەسەڵاتداران بپارێزێت، بەوجۆرەش کۆمەلی نێودەولەتی خرایە ژێر دەسەڵاتی چەند بنەمایەکەوە کە یەکسانی و دادپەروەری بنچینەیان بوو. فەقیهی هۆلەندی "گرۆسیۆس" پێشەنگی ئەو سەردەمە بوو لەبارەی ئاشتی وجەنگەوە ساڵی 1625 کتێبی" یاسای جەنگ"ی دەرکـرد و لەو کتێبەدا یاسای سروشتی بەوە پێناسە کردووە کە:

"بریتیە لەو رێسا و بنەمایانەی عەقلی راست نمایان دەکات و بەپێی ئەو بنەمایانە دەکرێت حوکم بەسەر کارێکدا بدرێت کە ستەمکارانەیە یان دادپەروەرانە، پێچەوانە یاخود تەبایە لەگەل لۆژیکی عەقلدا کە لە عەقل و سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە و لەوەوە سیفەتی یەکێتی و چەسپاوی و نەمری وەردەگرێت، بە گۆڕانی کات و شوێن ناگۆڕێت و ( بەمەش تەنانەت خوداش مافی گۆڕینیانی نیە) چونکە یاسای سروشتی یاسایەکە لە سروشت و عەقڵەوە دەرهێنراوە تا پێش یاسا دانراوەکان بکەوێت و باڵاتر بێت، بۆیە عەقڵیش بوونی چەند مافێک دەسەپێنێت کە لەگەل مرۆڤدا لەدایکبووە و ئەو مافانە دەبنە بنەمای بنچینەیی لە بنەماکانی یاسای سروشتی کە یاسا دانراوەکان ناتوانن پشتگوێیان بخەن، لەگەل ئەوەشدا ئەم فەقیهە"گرۆسیۆس" نەیتوانی ئازاد و سەربەخۆ بێت کە بریاریدا داگیرکاری و فتوحاتەکان و سیستمی کۆیلایەتی لەکاریگەرییەکانی سەردەمەکەیەتی، ئازادییش لای ئەو گەرچی گرنگترین مافەکانە، بەڵام دەکرێت بەپێی پەیماننامە یان گرێبەست سازشی لەسەر بکرێت، یان دەشێت لە ئاکامی شکست و

**فەیلەسوفە گریکەکان تێبینیی ئەو سیستمە چەسپاوەیان کردووە، کە گەردوونی پێ بەڕێوەدەچێت و بروایان بەبوونی یاسایەکی باڵاتر کردووە، کە بنچینە و بنەمای نەمری تێدایە و لە دەستکردی مرۆڤ نیە**

دۆران لە جەنگ و کەوتنە دیلییەوە لەدەست بدرێت.

ب/ یاسای سروشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتی:

فوقەها و بیرمەندان پەیمانی کۆمەڵایەتییان بە بنچینەی دامەزراندنی دەوڵەت داناوە، بە تایبەتی جۆن لۆک و تۆماس هۆبز و ژان ژاک رۆسۆی فەرەنسایی، تاکەکان بە پێی حەز و ئارەزووی خۆیان دەرۆیشتن و بەوەیش ئاشووب و ناسەقامگیری و خۆپەرستی و لۆژیکی هێز خۆیان سەپاند، لەپێناوی بەرگری لە خۆکردنیشدا خەڵکی لەنێوخۆیاندا سازان کە دەستبەرداری برێک لە ئازادییەکەیان بن لەپێناوی دامەزراندنی گرووپێکی رێکخرودا تا لە سایەیدا بژین، ئەو فەیلەسوفانەیش یەکدەنگن لەوەدا کە پەیمان بنچینەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و بوونی کۆمەڵی سیاسی، بەڵام دەستنیشانکردنی لایەنەکان و دەرەنجامەکانی ئەو پەیمانە جێی جیاوازی و ناکۆکی بوو.

هۆبز پێیوایە حاکم" دەسەڵاتدار" لایەنێکی ئەو پەیمانە نابێت، چونکە لایەنەکانی تر لەسەر ئەوە رێککەوتوون دەستبەرداری ماف و ئازادیی خۆیان بن بۆ دەسەڵاتدار تا لە رێی دەسەڵاتی رەهاوە سیستم و ئاسایشیان بۆ بەرقەرار بکات، هۆبز هاوکات پێیوایە یاسای سروشتی تاکەکان ناچار بە فەرمانبەرداریی دەسەڵاتدار دەکات. لە راستیدا ئەم بۆچوونەی هۆبز دەبێتە هۆی هاتنەئارای ستەمکاریی رەهـای دەسەڵاتدار و لایەنگیریی دەسەڵاتی پاشایەتی کە ئەو دەمە حوکمی ئینگلتەرای دەکرد. بەڵام جۆن لۆک بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتیی وەک ئامرازێک بۆ لەدژ وەستانەوەی ستەمی دەسەڵات بەکارهێنا، بیروڕای رۆسۆش ئەوەبوو، کە دەسەڵات تەنها بەدەستی گەلە و پەیمانی کۆمەڵایەتیی وەک ئامرازێک بۆ رێگری لە مافی پاشاکان بەکارهێناوە لە سـەروەری و نکۆڵیکردنیان لە دەسەڵاتی تاک. بەپێی پەیمانی کۆمەڵایەتیی نێوان لایەنەکانی گەل، گەل لە بەرانبەر بەدەستهێنانی ئازادیە مەدەنیە دیاریکراوەکاندا دەستبەرداری ئازادییە سروشتییەکانی خۆی دەبێت.لە کۆتاییەکانی سەدەی 18 و 19 دا تیۆری یاسای سروشتی گەیشتە ئەوپەری شکۆداری. شۆرشی فەرەنسی لەژێر دروشمی:" بەرگری لە ماف و ئازادییە سروشتیەکانی مـرۆڤ"دا هەڵگیرسا و بەوەیش یاسای سروشتی بووە رێبازێکی فەرمی لەنێو جاری فەرمی سالی 1789دا کە بریتیە لە" مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی".


تۆماس ئەکوین

* ئامانجی دووهەم: رەخنە لە بنەماکانی یاسای سروشتی:

رێبازی یاسای سروشتی بەدرێژایی سەدەی 19 دوچاری هێرشێکی توند بووەوە کە گومانی لە راستی و درووستیی هەبوو و رێبازی مێژوویی لە پێشەوەی ئەو هێرشبەرانەدا بوو و لە بەلگەکانیدا پەنای بۆ واقیع دەبرد، لەو رەخنانەیش:

– باسکردن لە بیرۆکەی نەمری و چەسپاوی کە لە لۆژیکی لایەنگرانیدا خەسلەتی یاسای سروشتین گوتەیەکی ناراستەو واقیع بەدرۆی دەخاتەوە و مێژوویش رەتیدەکاتەوە، چونکە تەنها ژینگەی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی یاسایە و بەپێی کات و شوێنیش دەگۆرێت، ئیتر چۆن دەشێت یاسا لەسەر یەک بار بچەسپێت و بمێنێتەوە.

– باسکردن لەوەی عەقلی مرۆڤ بنەماکانی

یاسای سروشتیی دۆزیوەتەوە دەبێتەوە هۆی هاتنەئارای دەرەنجامی پێچەوانە بەو بنەمایانە بەپێی جیاوازیی عەقڵی مرۆڤەکان کە بەو عەقڵە بنەماکان لە یاسای سروشتی هەڵدەهێنجێنن، ئەوکات بنەمای یاسای سروشتی لەبارەی یەک پرسەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز دەبێت.

– بە لایەنی خواست و ئەنگێزەی تاکە کەسیشەوە کە بە درێژایی هەردوو سەدەی( 17، 18) بە ڕێبازی یاسای سرووشتەوە بووە و لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا تەکید کرایەوە و چووە نێو زۆرینەی دەقە یاساییەکانی" یاسادانانی ناپلیۆن" و هاوکات ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ کە پشتگیریی لەو ئەنگێزە تاکە کەسیە کرد، کە پێیوایە کۆمەڵگە کار بە دەستەبەرییەک دەکات هەیەتی بێئەوەی لێی کەمبکاتەوە یان کۆت و بەندی بخاتەسەر.

* تێڕوانینی دووهەم: بزاڤی بووژاندنەوەی یاسای سروشتی:

ڕەخنەکان لە ڕێبازی یاسای سروشتی بوونە هۆی لاوازکردنی و لەوەدابوو بەدرێژایی سەدەی 19 ئەو ڕێبازە بە یەکجاری وەلا بنرێت. بەڵام لە کۆتایی سەدەی 19 سەرەتای سەدەی 20 دا دووبارە بووژێنرایەوە و لەپێناوی بووژاندنەوەی یاسای سروشتیدا دوو ئاراستە دەرکەوتن:

یەکەم( یاسای سروشتیی ناوەرۆک گۆڕاو، بە سەرکردایەتیی فەقیهی ئەڵمانی ستاملر) و دووهەمیش( ڕێبازی گرۆی فوقەها لەودا کە یاسای سروشتی ئاراستەکارێکی ئایدیالیزمیە بۆ دادپەروەری).

* ئامانجی یەکەم: یاسای سروشتی ناوەرۆک گۆڕاو:

بیرۆکەی بوونی یاسای سروشتی نەمر وچەسپاو و نەگۆڕ بۆ هەموو کات و شوێنێک لەژێر کاریگەری لایەنگرانی ڕێبازی مێژوویدا تێکشکا، بۆیە دەبوو یاسای سروشتی لەو ڕەخنە و پارادۆکسانە ڕزگار بکرێت کە ئاراستەی بنەماکانی کرابوون، " ستاملر" نەمری و پەرەسەندنی لە بیرۆکەی یاسای سروشتیدا پێکەوە گرێدا و ناوی نا یاسای سروشتیی ناوەرۆک گۆڕاو. ناوەرۆکی ئەم بیرۆکەیەش ئەوەیە کە گەوهەری یاسا، ئایدیا باڵاکانی دادپەروەرییەکی نەمر و لە هەمان کاتدا نەچەسپاویشە و دەگۆڕێت، کەواتە لە هزروبیرەکەیدا نەمر و لە ناوەرۆکدا گۆڕاوە. "سالی" فەرەنسیش هەمان ئەم بیروبۆچوونەی گرتەبەر و گەوهەری ئەم تیۆرە نوێیە لەوەدا نموونەگیری دەکات کە بیرۆکەی دادپەروەری لە خودی خۆیدا نەمر و ئەبەدییە و بەدرێژایی سەردەمەکان لە ویژدانی مرۆڤدا هەبووە و تا ئەبەدیش بێگۆڕان دەمێنێتەوە، بەمەیش بیرۆکەی دادپەروەری بە چوارچێوەی نەگۆڕ و هەمیشەیی یاسای سروشتی دادەنرێت. ئەوەی دەگۆڕێت ناوەرۆکی ئەو دادپەروەرییە، شێوازی بەدیهێنانیشی بە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە بەندە، کە بەپێی شوێن و کات دەگۆڕێت. لەم چوارچێوەیەشدا یاسای سروشتیی ناوەرۆک گۆڕاو لەگەڵ ڕێبازی تەقلیدیی یاسای سروشتیدا لەیەک پرسدا هاورا و تەبایە کە بریتیە لەوەی مرۆڤ بە عەقڵ یاسای سروشتی ئەنجامگیری دەکات.

ڕەخنە لە بیرۆکەکەی "ستاملر"گیرا بەوەی ئایدیا باڵاکانی لەبن هێناوە کاتێک دانی بەوەدا ناوە کە ناوەرۆک گۆڕاو بە گۆڕانی شوێن و کات دەگۆڕێت و ئیتر ڕەوا نابێت یەک جۆر پرسی دیاریکراو لە کات و شوێنێکدا بە دادپەروەری لەقەڵەم بدرێت و هەمان پرس لە کات و شوێنێکی تردا بە زوڵم و ستەم.

* ئامانجی دووهەم: ڕێبازی گرۆی فوقەها لە دانانی یاسای سروشتی بە ئاراستەکارێکی ئایدیالیزمی:

" بلانیۆل" و " جۆسران" لە پێشەوەی ئەو فوقەهایانەی سەدەی "18" ن کە لەدژی لایەنگرانی یاسای سروشتی وەستانەوە کە دەڵێن یاسایەکی نموونەیی ئایدیالیزمی هەیە بنەمای وردەکاری تێدایە و چارەسەری کرداری بۆ هەموو کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی تێدایە بە تەواوی وردەکارییەکانیانەوە، چونکە ئەم گوتەیە واقیع و لۆژیکیش بەدرۆی دەخەنەوە. کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو گرۆ و کۆمەڵەکاندا هەمیشە بە هەمان شێوە و وێنە دەرناکەون. بۆیە ڕاوبۆچوون لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە بریتی بوو لە بەرتەسککردنەوەی چوارچێوەی بیرۆکەی یاسای سروشتی، کەموکورتیی لە هەندێ بنەمای ئایدیالیزمیی چەسپاوی نەمر کەمترین ئاستی ئایدیا باڵاکانی دادپەروەری دەگەیەنێت، وەک بنەمای زیان نەگەیاندن بە کەسانی تر لە کاتی هەڵەکردن و بنەمای دانی ماف بە خاوەن ماف و دەوڵەمەند بوونی نا ڕەوایانە لەسەر حیسابی خەڵکی. ئەمانە بنەمای گشتیی تەعبیرکارن لە ئاراستەکارە ئایدیالیزمییەکانی دادپەروەری و بە بنچینە و ئایدیای باڵای ڕێکخستنی یاسایی دادەنرێت کە لە هەموو کات و شوێنێکدا یاسا دانراوەکان پشتیان پێدەبەستن، بەوەش ئەرکی یاسای سروشتی یەکدەگرێت و چارەسەری کرداری بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان دانانێت، بەڵکو ئاماژە و ڕێنوێنی دەکات بۆ ئەو چارەسەرە کردارییانەی یاسا دانراوەکان بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دادەنێن و لە گەوهەردا تەبایە لەگەڵ یاسای سروشتی و نەمر و چەسپاوە و بە هیچ گۆڕانکارییەک لە کات و شوێندا ناگۆڕێت.

**پوختە:**

لەپوختەی باسدا دەکرێت بڵێین بیرۆکەی یاسای سروشتی توانیویەتی پارێزگاری لە بنەماکانی بکات، چونکە ئەو بنەمایانە لە سرووشتدان و ڕۆڵی مرۆڤ تەنها ئەوەیە لەڕێی عەقڵەوە بیاندۆزێتەوە. یاسای سروشتی یەک یاسایە و لە کۆمەڵگە و کات و شوێنەکاندا نەگۆڕە و بنەما و بنچینەی گشتی و دیاریکراویان تێدایە و تەنها چارەسەری بەشۆکیان بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان تێدایە.

**سەرچاوە:**

- www.djelfa.info/vb